فەرمانگە کانی مەلبەندی وەزارەت .

مادەی حەوتەم: - ئەرک وکارە تایبەتیەکانی دام ودەزگاکانی وەزارەت بەپەیرەوێک دیاری دەکرێن .

٢) وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست بەرێوەبەرێتی وبەش ولقی نوێ پێکبێنێ یابیانخاتە پاڵ یەکتر .

٣) وەزیری داد بۆی هەیە رێنمایی بۆئاسانکردنی بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا .

مادەی هەشتەم : گشت ئەو دایەرە دادوەری یانەی لەوە بەرپابەندی دەسەلاتی ناوەندی بوون ، بەوەزارەتی دادی هەرێمەوە دەبەسترێنەوە .

مادەی نۆیەم : دەبێ وەزیرە پەیوەندپدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بە جێ بکەن .

مادەی دەیەم : ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ .

هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

دوای ئەوەی گەلی کوردستانی عێراق سەرکە وتووانە بە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتی‌یانەی ساوادا تێپەری کە توانی یەکەمین هەڵبژاردنی سەربەست ئەنجام بدا، ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی نیشتمانی‌ی کوردستانی عێراقی لێ هاتە کایەوە ئەو هەنگاوانەی بە دوایدانران بەتایبەتی دەرکردنی یاسای دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ١٩٩٢ کەبریاری دامەزراندنی وەزارەتی دادی هەرێمیشی تیادا دراوە ، پێویست بوو یاسایەک بۆئەو وەزارەتی دادە دابنرێ ، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا .

نەژاد احمد عزیز اغا

و. سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

★ ★ ★

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ژمارەی بریار : ٣٩

میژووی بریار ١٩٩٢/١١/٢٣ز

٢٩ ی گەلاریزان/٢٦٩٢ک

بەپێی برگەی (١) لەمادە (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ وپێشنیازی وەزیری دارایی‌و ئابووری‌و بریار لەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٢/١١/٢٣ دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا .

یاسای ژمارە( ١٣ ) ی ساڵی /١٩٩٢

یاسای وەزارەتی دارایی‌و ئابووری‌ی هەرێمی کوردستانی عێراق .

ماددەی یەکەم : مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە بۆ خواستەکانی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە :

١- هەرێم : هەریمی کوردستانی عیراق .

٢- وەزارەت: وەزارەتی دارایی‌و ئابووری‌ی هەریم .

٣- وەزیر : وەزیری دارایی و ئابووری هەریم

٤- بریکار : بریکاری وەزارەتی دارایی‌و ئابوری هەرێم .

٥- ئەنجومەن : ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتی دارایی‌و ئابووری‌ی هەرێم .

ماددەی دووەم:

ئامانجی وەزارەت دانانی بنچینە کشتی‌یەکانی بەرێوەبردن ورێکخستنی سەرچاوەکانی دارایی‌و ئابووری‌یەو چاودێری کردنی ساغلەمی‌ی هەڵسووراندنیان و بەدیهێنانی بەکار خستنیان بەباشترین شیوەودانانی مووچەی کشتی‌ی هەرێم‌و جێبەجێ‌کردنی‌درێژەی پرۆگرامەکانی‌بازرگانی‌دەرەوەو ناوەوە پشتگیری گردنی گەل‌و پەلە بنچینەیی یەکانی کۆمەلگاو رێکخستنی کەرتی تایبەتی و تیکەڵاو بو هاندانی(مدخرات)ی نیشتمانی‌و (( استثمار ))ی بیانی‌و لەچوار چێوەی سیاسەتی دارایی‌و ئابووری‌و نەخشەکانی کەشەپێدانی هەرێمدا .

ماددەی سێیەم .

مەلبەندی وەزارەت لەمانە پێکدێ:

یەکەم :وەزیر : سەرۆکی باڵای وە زارەتەو بەرپرسیارە لە رێنوینی کردنیدا لەکارەکانیدا و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکی‌یەکانی‌و لەویشەوە ئەوبریارو فرمان و رێنمایی‌یانەو هەر شتێک پەیوەندی‌ی بە بەئەرکەکانی وەزارەت و دامودەزکاکانی‌و گشت کاروبارە ئیداری‌و دارایی ورێک وپێدی‌یەوە هەیە دەردەچن لەچوار چیوەی یاساو پەیرەووو رێنمایی‌یەکار پێکراوەکانداو لەبەرامبەر ئەنجومەنی وەزیراندا بەو سیفەتەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارەو بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بەبریکار یابەرێوەبەرەکشتی‌یەکان یا هەر یەکێ کە پەسندی بکا بسپێرێ .

دووەم: نووسینگەی وەزیر: مووچە خورێک بەپلەی بەرێوەبەر لەکارمەندان‌و لیهاتووان سەرۆگایەتی‌ی دەکاو ئەو ئەرکانە بەجێ دینێ کەوەزیر پێ‌یانی دەسپیری بەرپرسیار دەبێت لەرێکخستن‌و پاراستنی دەفتەروئەوراقە تایبەتی‌یەکانی وەزیرو چەند مووچەخورێکیش یاریدەی دەدەن .

سێیەم : لقی بانقی ناوەندی لەهەرێمدا : راستەوخۆ بە

وەزیرەوە دەبەسترێتەوەو سیاسەتی دراوو ( صیرفە) دادەنێ وسەرپەرشتی و چاوەدێریی بانقەکانی ناو هەرێمونوسینکەی کۆمپانیاکانی دابینکردن (( تاءمین)) لەرووی هونەری و ئیدارییەوە دەکاو مووچەخۆرێک بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا.

چوارەم : بریکاری وەزارەت : ئەو ئەرکانە بەجی دێنێ کە وەزیر پێیانی دەسپێری .

پینجەم:نووسینەی بریکاری وەزارەت: مووچەخورێک بە پلەی بەرێوەبەر لەکارمەندان و لێهاتووان سەرۆکایەتی دەکاو ئەو ئەرکانە ، بەجی دینێکەبریکار پێیانی دەسپێری.

شەشەم: کومپیوتر: مووچەخوریک بەپلەی بەریوەبەر لە ولێهاتووان سەرۆکایەتی دەکاو راستەو خۆ بەبریکاری وەزارەتەوە دەبەسترێتەوە .

حەوتەم : ئەنجومەن :

آ- ئەنجومەنێکی راوێژکاری لە وەزارەتدا بەسەرۆکایەتی وەزیر پێکدێو ئەمانەش ئەندامی دەبن .

| | |
|---|---|
| ١- بریکاری وەزارەت | ئەندام |
| ٢- بەرێوەبەرە کشتیەکانی وەزارەت | ئەندام |
| ٣- بەریوەبەری لقی بانقی ناوەندی هەریم . | ئەندام |
| ٤- هەر کارمەندو پسپۆرێک لەناو وەزارەتو دەرەوەی دا کە وەزیر دەیەوێ بەشێوەیەکی هەمیشەیی یا کاتی سوودیان لێ ببینری | ئەندام |

ب - ئەنجومەن لە نەخشەی کشتیی وەزارت دەکولێتەوە و بریاری لەسەر دەداو بەدوای جێ بەجی کردنیدا دەچی وپیشنیازی سیاسەتی دارایی وەزارەت دەکا ولەوراپۆرتە دەورییانە دەکولێتەوە وەکە بەرێوەبەرێتی ی کشتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون سەبارەت بەوەزارەت ئامادەی دەکاو لەوکۆسپانە دەکۆڵێتەوە کەرێکە بە کارەکانی وەزارەت دەکرت وچارەسەری عەمەلییان بۆ دادەنێ ولەو پرۆژەی یاساو پەیرەوو رێنماییانەش دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بەکارەکانی وەزارەتەوە هەیەو دەربڕینی بیرورای سەبارەت بەهەر کیشەیەک دەر دەبرێ کە وەزیر دەیخاتە بەردەمی .

نۆیەم : بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان :بەرێوەبەریتی گشتییەکان ئەمانەن :

١- بەریوەبەریەتی کشتیی دارایی کەئەمانەی پێوە دەبەسترینەوە .

آ- بەربوەبەریتی ی مووچە .

ب - بەریوەبەریتیی ژمیریاری .

ج - بەریوەبەریتی میلاک و خزمەت .

د- بەریوەبەریتیی مەسرەف و کاروباری دارایی .

هـ - بەرێوەبەرێتیی چاودیریو پشنینی دارایی.

٢- بەرێوەبەرێتیی کشتیی دەسکدوت کە ئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە :

آ- بەریوەبەریتیی باج

ب - بەرێوەبەریتیی گومرک .

ج - بەریوەبەرێتیی مولک

٣- بەریوەبەریتیی کشتیی بازرگانی کە ئەمانەی پێوە دەبەسترینەوە

آ- بەریوەبەرێتیی بازرگانیی ناوخو .

ب - بەریوەبەرێتیی بازرگانی دەرەوە .

ج - بەرێوەبەرێتیی تۆمار کردنی کۆمپانیا .

د - بەرێوەبەریەتیی چاودێری کردنی بازار .

٤- بەرێوەبەریەتیی گشتیی دیوان کە ئەمانەی پیوە دەبەسترێنەوە .

آ- بەریوەبەریتیی کاروباری یاسایی .

ب - بەریوەبەریتیی ئیدارەو کاروباری کەسان .

ج - بەریوەبەریتیی ژمیریاریو پیداچوونەوە .

٥ - بەرێوەبەریتیی کشتیی خانەنشینیی هەریم کەبەریوەبەرێتیەکانی خانەنشینیی پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەبەسترێتەوە .

٦- بەرێوەبەرێتیی گشتیی نەخشە دانان و بەدوادا چوون

ماددەی چوارەم :

یەکەم :ئەرک و تایبەتکارییەکانی دام و دەزگاکانی وەزارەت بەپەیرەوێک دیاری دەکرێ .

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست بەرێوەبەرێتی و بەش و لقی نوێ پێکبێنێ یا بیانخاتە پاڵ یەکتر

مادەی پێنجەم:

دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

ماددەی شەشەم :

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ .

نەژاد احمد عزیز ئاغا
و. سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان
عێراق

هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوە بونیانی ژێرەوەی ئابووریی کوردستانی عێراق وێران کراوەو میکانیزمی بەرهەمهێنان تیایدا لە لایەن رژێمەیەک لەدوای یەکەکانەوە کە دواییەنیان رژێمی ئێستایە تێکدا شێنراوەو بەمەبەستی بنیاتنانەوەی ئابوری کوردستان و کەشە پێکردنیو رێکخستنی پارەو پوولی هەرێم و چاودێری کردنی ساغلەمیی هەلسوراندنی و بەدیهێنانی باشترین شێوە بۆ بەکار خستنی و لەبەر

پێکهێنانی یەکەمین وەزارەت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دوای ئەو تاقیکردنەوەی دیموکراتییەی گەلی کوردستانی عێراق سەرکەوتووانە سازی داو لە دایکبوونی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەگەرمەی کارەسات و گوڕانکاریداو لەبەر دامەزراندنی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی داراییو ئابوورییەوە ، ئەم یاسایە دەرکرا .

* * * *

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ژمارەی بریار: ٢٧
مێژووی بریار ١٩٩٢/١٠/٣١
٩/گەلارێزان/ ٢٦٩٢ ک

بریار

لەبەر ئەوەی ئەم ئەندامە بەرێزانەی کە ناویان لە خوارەوە نووسراوە وازیان لە ئەندامیەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق هێناوە تا بەیەکجارەکی خۆیان بۆ ئیشوکاری ئەو وەزارەتانە تەرخان بکەن کە پێیان سپێردراوە.

بەپێی حوکمی برگە/٢ی مادده/٤٣ ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ژمارە(١)ی ساڵی /١٩٩٢وەبرگە ٢ی مادده/٣٠ی پێرەوی ناوخۆی ئەنجومەن ئیستقالەی ناوبراوان لە دانیشتنی ژمارە(٤٣) ی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٣١دا بەرچاو ئەنجومەن خرا .

١ـ محمدامین مولود امین — وەزیری پیشەسازیو ووزە
٢ـ احمد سالار عبدالواحد — جێگری وەزارەتی ڕۆشنبیری
٣ـ اکرم عزت نجیب — = =کشتوکاڵوئاودێری

لەڕۆژی ٣١/تشرینی یەکەم/١٩٩٢ ڕێکەوتی ٩/گەلارێزان /٢٦٩٢ ک لە هەولێر نووسراوە .

نژاد احمد عزیز ئاغا
و/ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

* * *

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان
ژمارەی بریار : ٢٨
مێژووی بریار ١٩٩٢/١٠/٣١
٩/گەلاریزان /٢٦٩٢ ک
بریار

پشت بە نووسراوی فراکسیونی زەرد لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان وبەپێی حوکمی مادده/ ٤٤ لەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ژمارە/ ١ی ساڵی ١٩٩٢وماددە ٣١ی پێرەوی ناوخۆی ئەنجومەن ، وەکو لە بریاری ژمارە (٢٧) ی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٣١ ئاماژەی بۆکراوە

ئەم ئەندامە بەرێزانە کەلەرۆژی ١٩٩٢/١٠/٣١ سوێندی یاساییان خوارد شوێنی ئەوئەندامە بە ڕێزانە دەگرنەوە کە وازیان لەئەندامێتی ئەنجومەن هێناوە .

١) د. نەبەز عبدالرزاق حکیم شوێنی ئەندام احمدسالار عبدالواحد دەگرێتەوە .
٢) حسین علیکمال شوێنی ئەندام محمد امین مولود امین دەگرێتەوە .
٣) برهان علی جاف شوێنی ئەندام اکرم عزت نجیب دەگرێتەوە .

نەژاد احمد عزیز ئاغا
و/ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

* * * *

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ژمارەی بریار: ٢٩
مێژووی بریار ١٩٩٩٢/١٠/٣١
٩/گەلارێزان/٢٦٩٢ ک

بریار

بەپێی برکەی/١ لەماددەی/٥٦ ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٩٢وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق ، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٣١دا ئەم بریارەی دا:

١ـ دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی لەساڵی خوێندنی (١٩٩٣/٩٩٢)وە.
٢ـ دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق ئەم بریارە جێبەجێ بکا.
٣ـ ئەم بریارە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی رەسمی هەرێمدا کاری پێ دەکرێ.

نەژاد احمد عزیز ئاغا
و/ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق